حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب / دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م / الدراسات و الابحاث والمتابعة

ژمارە : ٢٤٤٣
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی ڕێبەندان

العدد :
التأريخ : ١٣ / ٢ / ٢٠٢٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان – المديرية العامة للديوان – وزارة المالية والإقتصاد

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی/٢٠٢٥

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## بابەت/ گشتاندن

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦٩) لە ٢٠٢٥/٢/٥ بە نووسراویان ژمارە (٢١٥١) لە٢٠٢٥/٢/١١ تێیدا هاتووە پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و ئاماژە بە حوکمەکانی ماددەی (١٣/یەکەم) لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ هەموارکراو ، و پشتبەست بە ماددەکانی (١٤ ، ١٦ ، ٧٧ / دووەم) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی عێراق ژمارە(١٣)ی ساڵی (٢٠٢٣) بۆ ساڵەکانی دارایی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤ ، ٢٠٢٥) ، و لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا خشتە نوێیەکانی بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵی (٢٠٢٥) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پەسەند نەکراوە و ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران نەکراوە بۆ بڕیاردان هەروەک لە گشتاندنی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە نووسراویان ژمارە (٥٥٥) لە ٢٠٢٥/١/١٢ ئاماژەی پێدراوە ، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦١) لە ٢٠٢٤/٩/٤ تایبەت بە یەکخستنی ڕێکارە داراییەکان لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ ، و لە پێناوی زامنکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ تەواوی مانگەکانی ساڵی (٢٠٢٥) لەبەر ڕۆشنایی دوا لە یەکتر گەیشتنی هاوبەشی نێوان هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێم و فیدراڵ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٣) ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بە ژمارە (١٤٦) لە (٢٠٢٥/٢/٥) بڕیاری درا بە :-

١- پابەندبوونی گشت وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم تەشکیلاتەکانیان و تەواوی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان بە خشتەی هێزی کاری کارپێکراوی جێگیرکراو لە لیستی مووچەی مانگی (کانونی دووەم)ی ساڵی (٢٠٢٥) لە ڕووی ژمارەی هێزی کار و بڕی خەرجی و مووچە و شایستە داراییەکانی دیکەی هاتوو لە لیستی مووچەی ئەو مانگە تاوەکو پەسەند کردنی خشتە نوێیەکانی بودجەی گشتی فیدڕال بۆ ساڵی (٢٠٢٥) لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، بۆ ئەم مەبەستەش ، لیستی مووچەی مانگی (کانونی دووەم)ی ساڵی (٢٠٢٥) دەبێتە بنەما بۆ ژمارەی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان و تەرخانکراوە داراییەکان بۆ تەواوی ساڵی دارایی (٢٠٢٥) بۆ سەرجەم بوارەکانی وەزیفەی گشتی (مەدەنی ، سەربازی ، پێشمەرگە ، ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) .

٢- ڕاگرتنی دامەزراندن بە هەموو شێوازەکانی (دامەزراندن بە هەمیشەیی ، دامەزراندن بە گرێبەست ،دامەزراندنی کاتی ، دامەزراندن لەسەر داهاتی ناوخۆ ، دامەزراندن بە لەجیاتی دانان ، وانەبێژ ، خۆبەخش) و گەڕانەوە بۆ وەزیفە یان هەر شێوازێکی دیکەی دامەزراندن لە کەرتی وەزیفەی گشتی لە سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و گشت تەشکیلاتەکانیان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم بوارەکانی

وەزیفەی گشتی (مەدەنی ، سەربازی ، پێشمەرگە ، ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) ، و (حذف)ی هەموو ئەو پلە وەزیفییانەی کە لە ساڵی (٢٠٢٥) لە خشتەی میلاک چۆڵ دەبن بەهۆی گواستنەوە یان خانەنشینبوون یان دەست لەکارکێشانەوە یان کۆچی دوایی لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمی بڕگەکانی ماددەی (١٤) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵ ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٢٣) ، ئەم ڕێکارانەش کاتین و بەردەوام دەبن تاوەکو پەسەندکردنی خشتەی نوێی بودجەی گشتی فیدراڵ بۆ ساڵی (٢٠٢٥) لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە .

٣- ڕاگرتنی بەخشین و بەستنی دەرماڵەی نوێ بۆ سەرجەم مووچەخۆران و پابەندبوون بەو ڕێژە و بڕانەی دەرماڵە کە لە لیستی مووچەی کانونی دووەمی ساڵی (٢٠٢٥) هاتووە.

٤ - جەختکردنەوە لەسەر قەدەغەکردنی دامەزراندن لە هەر وەزیفەیەکی سەرکردایەتی و پلە تایبەت ( بەڕێوەبەری گشتی و بەرەوژوور ) ئەگەر پلەی وەزیفیی چۆڵ و تەرخانکراوی دارایی پێویست لە یاسای وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت نەبوو.

٥ - قەدەغەکردنی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەران لە سەرجەم بوارەکانی وەزیفەی گشتی لە نێوان سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت یان لە نێوان تەشکیلاتەکانیان بە بێ ڕەچاوکردنی سەرچاوەی داراییکردنیان بە شێوەی ( تمویل ذاتی ) بێت یان ( تمویل مرکزي).

٦ - ڕاگرتنی ئەژمارکردنی خزمەت بۆ مەبەستەکانی وەزیفەی گشتی ( جگە لە مەبەستی خانەنشینی ) ، وەك ماوەی دەرکردنی سیاسی ، خزمەتی پارێزەرایەتی ، خزمەتی گرێبەست ، خزمەتی ڕۆژنامەنووسی ، و ئەژمارنەکردنی بڕوانامەی نوێ بۆ ئەوانەی کە لە کاتی وەزیفەی گشتیدا بڕوانامەی باڵاتری خوێندن بە دەست دەهێنن.

حكومەتی هەرێمی كوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب / دیراسات و لێكۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م / الدراسات و الابحاث والمتابعة

ژمارە : ١٤٤٢
ڕێكەوت : / ڕێبەندان / ٢٧٢٤ كوردی

العدد :
التأريخ : ٢/ ٢٢ / ٢٠٢٥

وەزارەتی دارایی و ئابووری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان – المديرية العامة للديوان – وزارة المالية والاقتصاد

٧ - كاركردن بە گشتاندنەكانی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە ژمارە ( ٧٤٩٤ ) لە ٩ / ٣ / ٢٠٢١ تایبەت بە سەرمووچە و پلە بەرزكردنەوە بە هۆی نادیاریی خەملاندنەكانی سەقفی خەرجییەكانی بودجەی گشتی فیدراڵ بۆ ساڵی (٢٠٢٥).

٨ - جەختكردنەوە لە برگەی ( حەوتەم ) لە فەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نووسینگەی ڕێزدار سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٩١) لە ٢٠٢٥/١/١٥ وگشتاندنمان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٥ كە گشت وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت پێویستە پابەندبن بە بەرزنەكردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە بەر ئەوەی بە پێی حوكمەكانی ماددەی ژمارە (٩ی ساڵی ٢٠١٤ ) درێژكردنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر لە كاتی تەواوكردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەران هەڵوەشاوەتەوە.

٩ - كاركردن بە سەرجەم ڕێكارەكانی هاتوو لە برگەكانی ئەم بڕیارە كاتیە و سەرتاسەریە و لە سەرجەم ناوچەكانی عێراق جێبەجێ دەكرێت و پەیوەست نییە تەنها بە هەرێمی كوردستان ، و جێبەجێكردنی ئەم ڕێكارانە بەردەوام دەبێت هاوشێوەی ناوچەكانی دیكەی عێراق تاوەكو پەسەندكردنی خشتە نوێیەكانی بودجەی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی (٢٠٢٥) لە لایەن ئەنجومەنی نوینەران .

١٠ - گشت وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جیبەجێ دەكەن لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەكە.

لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٥ /٢/